## یاریکردن و گەشەی عەقڵی زانینی:

توێژەران ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە کە یاریکردن یارمەتی گەشەی عەقڵی و زانینی منداڵ دەدات وەک (پەرە سەندنی توانای بیرکردنەوە، یادەوەری، خەیاڵکردنەوە، وێناکردن، سەرنجدان، شیکردنەوە، درککردنی پەیوەندیەکان، پێشبینیکردن و کۆنترۆڵکردنی(تحکم)) زیاتر سروشتی شتەکان دەناسێت ،زانیاری وەرگرتن و ناسینی چەمکی نوێ.

یاریکردن درککردنی منداڵ زیاتر دەکات بۆ شتە گۆڕاوەکانی ناو سروشت، پێشخستنی زمان بەتوانا بوون بۆ دەربرینی و ئاماژە.

یاسا سروشتیەکان دەناسێت تا بسازێت لەگەڵیا وەک چۆن لەواقعدا هەیە، شێوازی بیرکردنەوەی(هەڵهێنجان پشکنین و پێوانەکردن)فێردەبێت بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێت کۆنترۆڵی بیرکردنەوەکانی بکات تا لە شتی کرداری و مادی و کۆمەڵایەتی و هێمایی‌یەکان تێبگات کاتێک کارلێک دەکات لەگەڵ واقعی ژیاندا.

## ١. بەردەمبوونی بابەتەکان- Object Permanent:

لەسەرەتادا منداڵ لەو باوەڕەدایە کە کەس و شتەکان تەنیا لەو شوێنەدا هەن کە ئەو دەیانبینێت و کاتێک لەبەردەمیدا نامێنن جارێکی تر دەرناکەونەوە.

لەبەر ئەمەیە منداڵی بچووک دەگری کاتێ دایکی ژوورەکە بەجێدێڵێت، چونکە وادەزانێت ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ لای، ئەو یارییانەی لەدەستی دەکەوێتە خوارەوە دووردەکەوێتەوە و ئەو نایبینێ ئیتر بەدوایدا ناگەڕێت وادەزانێت ئەو شتە بۆ هەتا هەتایە ون دەبێت.

گەیشتنی منداڵ بەو بڕوایەی کە شتەکان دوای ونبوونیان دێنەوە ئەوە قۆناغێکی گرنگە نیشانەی گەشەی منداڵە و توانای درووستکردنی چەمکەکان لەلای، لەئەنجامی ئەم تێگەیشتنە منداڵ دەگەڕێت بەدوای شتە ونبووەکاندا، لەبەر چاو ونبوونی دایکی و کەسەکان قبوڵ دەکات، کەس و یار و ڕەفتارەکانیان بەیاد دێتەوە لەجیاتی ئەوەی وا هەست بکات هەموو شتەکان نوێ و تازەن و بۆ یەکەمجار دەردەکەون، (نموونە) کاتێ منداڵ لە ناو عارەبانەکەیدایە یا لەسەر کورسیەکەی دانیشتووە و یاریەکانی فڕێ دەدات و دایکی بۆی دەهێنێتەوە ئەوە تێدەگات کە شتەکان بەردەوامیان هەیە و بۆ ئەو شوێنە دەڕوانێت کەشتەکەی بۆ هەڵدەدات و بۆی دەگەڕێت، ئەوەش فێر دەبێت کە بگەڕێت بەدوای ئەو شتانەی کە بەشکیان داپۆشراون یان بەتەواوی داپۆشراون.

## ٢. لەیەکچوون- Matching:

لەسەرەتادا منداڵ فێردەبێ شتە لەیەکچووەکان لای یەکەوە دابنێ، ئەم تۆپە لەو تۆپە دەچێت،بەڵام لەم سەیارە ناچێت، وەک باوە منداڵ بەشتە گەورەکانی چواردەوری دەست پێ دەکات، وێنەی گیانداران پاشان لەیەکچوونی رەنگەکان پاشان چەمکی گەورە و بچووک و درێژ و کورت.

**نموونە :** بەکارهێنانی وێنە، دوو گرووپ لەسێ وێنە کاری رۆژانەی کە بەروونی دیار بێت، دابنێ و بزانە منداڵەکەت لەیەک چووەکان بەیەکەوە دادەنێت، بەکارهێنانی شێوازەکان وەک ئەوەی کە تۆپ بخاتە ناو کونە بازنەیەکەوە سێگۆشەکەی بۆ شوێنە سێگۆشەکە و بەو جۆرە، یان بە بەکارهێنانی هێما وەک +_ ، بەکارهێنانی رەنگ یەکەمجار رەنگی سور و زەرد بەکاربهێنە منداڵ زۆر زوو دەیان ناسێتەوە پاشان شین و سەوز، لەیەکچوونی قەبارە دەتوانیت شتی ناو چێشتخانەکە بەکاربهێنیت، قاپەکان، کەوچکەکان، ئەم توانایە منداڵ ئامادە دەکات بۆ فێربوونی بیرکاری و خوێندنەوە.

## ٣. هەڵبژاردن Selecting :

تەنها بە فێربوونی گونجاندنی شتەکان لەگەڵ یەکتر فێری ئەوە دەبن کە وردببەوە و هەڵبژێرن، کە باوکەکە داوای لێ دەکات شەمەندەفەرەکەی یان تۆپەکە بداتێ یەکسەر منداڵەکە شتەکە دەناسێت تەنها بەوەی کە گوێی لەناوەکەی دەبێت و بەڵام ناتوانێت بڵێت بەتەواوی. لەبەردەم منداڵەکەتدا کوپێک و سەیارەیەک و کتێبێک دابنێ و داوای لێبکە کوپەکەت بۆ بهێنێت، پاشان هەمان شت لەرێگەی وێنەوە دووبارە بکەرەوە، پاش ئەوە زانیت دەتوانیت شتەکان هەڵبژێریت و داوای لێبکە با ناوی شتەکان بلێ.

## ٤. ناوڵێنان-Naming:

به دواقۆناغی دادەنرێت لە توانای منداڵ بۆ ناولێنانی شتەکان، وێنە ڕەنگاورەنگەکان، کاتێ منداڵ وێنەی سەیارە دەبینێت دەڵێت سەیارە، ئەمەش وا دەخوازێت کە ناوەکەی بەباشی بەیادبێتەوە.

## ٥.گەشەی پارەلیل(التوازی)- Parallel:

یادەوەری: لەوانەیە منداڵ هەر لە دایکبوونەوە هەندێ شتیان بەبیربێتەوە، چونکە هەر لەمنداڵیەوە دەنگ و ڕووخسار و پێکەنینی دایکیان دەناسنەوە، منداڵ پشت بە تەلمیحات(هێما و ئاماژەی شت و ڕووخسارەکان) دەبەستێت، چوونکە ئەوە بیریان دەخاتەوە کە چی ڕوویداوە، هەر لەگەڵ ئەوەی کە لە هزری منداڵدا بەردەوامبوونی شتەکان دروست دەبێت یادەوەری پلەبەپلە گەشە دەکات، سەرەتا منداڵ کەس و شتەکانی بەهۆی ئەو شوێنانەی کە تیایدا بینیونی بیردەکەوێتەوە .

پێشکەوتنی یادەوەری لای منداڵ زۆر گرنگە نەک تەنها بو توانای درککردن وەک خوێندنەوە و نوسین بەڵکو بۆ لێهاتوویی زمانەوانیش، چیرۆکی سادەی بۆ بخوێنەوە داوای لێبکە کە ڕووداوەکانی ترت پێ بڵێ.

## هەندێک سەرنج و تێبینی لەسەر گەشەی عەقڵی منداڵ:

1.**دووبارەکردنەوەی ڕاهێنانەکان:** منداڵ هەمیشە لە نوێکردنەوەی چاڵکییەکاندایە، لەکاتێکدا کە چاکییەمانی دووبارە دەکەنەوە ئەوا بەتەواوی تەرکیزیان لەسەر چالاکییەکەیە و ئاگایان لە جیهانی دەرەوەیان نەماوە، منداڵ چالاکییەکانی چەندبارە دەکاتەوە بێ ئەوەی هۆیەکی ئاشکرای هەبێت.

2.**تاقیکردنەوەی سەربەستانە:** منداڵەکان ئەو کەرستانە بەکاری دەهێنن پەرش و بڵاوی دەکاتەوە، پاشان دەیبەنەوە بۆ جێگای خۆی، منداڵەکان شتی تایبەت هەڵدەبژێرن و ئەوانی تر پشتگوێ دەخەن، ئەو هەڵبژاردنەش بەپێی ئەوەیە کە چی گونجاوە بۆ ئەوانەی کە بتوانێت بەکاری بهێنێت.

3.**یاریەکان:** کاتێک منداڵ کەرەستەی یاریەکان بەدەستەوە دەگرێت وا هەست دەکات گرنگترین ساتەکانی ژیانییەتی، چونکە ئەو لە گەشەدایە و هەموو شتێک کە هاوکاری بێت بۆ گەشەکردن ڕای دەکێشێت بۆ لای خۆی وەک کەرستەی یارییەکان، ئەو شتەی گرنگی پێ نادات ئەوا هیچ کاریگەری لەسەر گەشەی نییە، یاخود بۆی گرنگ نییە.

4.**پاداشت و سزا:** لە کاتێکدا کە پرۆگرامی مۆنتسۆری بەکاردەهێنیت ئەوا دەبێت ئەو باخچەیە واز لە بەکارهێنانی پاداشت و سزا بهێنێت.